

# بونیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری لەشوێن و ناوچە وێرانکراوەکانی کوردستان

## مێرگەسۆر وەک نموونە





بەپێی رووپێوێكی زانستی و پسپۆریی كە چەند رێكخراوێكی نێودەوڵەتـــی و وەزارەتی پلاندانـــان ئەنجامیانداوە؛ هەرێمی كوردستان پێویســـتی بە **٣٦** تریلیۆن دینارە بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشـــاییەی كە لەژێرخانی كوردستاندا هەیە، لەواقیعی ئێستاشدا حكومەتی هەرێمی كوردستان دەتوانێت ساڵانە **٣**بۆ **٤** تریلیـــۆن دیناری عێراقی لەبودجەی وەبەرهێنان لە ژێرخانی هەرێمی كوردســـتان خەرج بكات. ئەو ژێرخانە ئابوورییەی كە لەســـەر دەســـتی رژێمە یەك لـــەدوای یەكەكانی عێراق رووبەڕووی وێرانكاریی و پشتگوێخستن بووەتەوەو ئاستەنگ و بەربەستێكی زۆری لەبەردەمدایە تاوەكو ژێرخانەكەی ببێتە پاڵنەرێكی ســـەرەكی بۆ گەیشـــتن بە قۆناغی پەرەپێدانی ئابووری. لەماوەی چەند ساڵی رابردووشدا حكومەتی هەرێم چەندیـــن كارو پرۆژەی گـــەورەی خزمەتگوزاریی جێبەجێ كردووەو پرسی دووبارە بونیاتنانەوەی ژێرخان و بەرزكردنەوەی ئاســـتی كوالێتـــی خزمەتگوزارییەكانی خســـتە ریزبەندی پێشەوەی ئەركەكانی، بێگومان دووبارە بونیاتنانەوەی ژێرخان لەوڵاتی دوای شـــەڕ كارێكی ئاســـان نییە بە تایبەتی لە هەرێمێكـــدا كە لە پاشـــكەوتەیی وڵاتێكی فاشـــیلی وەك عێراق دەربازی نەبووەو بە بەردەوام هەڕەشـــەی بڕینی بەشە بودجەكەی لەلایەن ســـەرۆك وەزیرانـــی عێراق و جێگرەكەی شەهرستانیەوە دەكرێت، ئەم هەڕەشـــەو ململانێیانەی بەغدا لەگەڵ هەرێمدا هاوكاتە لەگەڵ هەڵكشانی بودجەی سیادیی و حاكیمە بەرادەیەك ئێستا لە **٣٠**٪ی كۆی گشتی بودجەی عێراق بۆ ئـــەم دوو خەرجییە دەچێـــت و زیانێكی گەورەی بە ئابووریـــی عێراق و كوردســـتان گەیانـــدووە.. هەربۆیە پیادەكردنی شـــێوازی نوێ و میكانیزمی جیاواز لەساڵانی پێشـــوو دانانی ئەولەویـــات بۆ بەرنامـــەو كارەكان بەیەكێك لەفاكتەرەكانی ســـەركەوتن و خەرجكردنی زانستیانەی ئەو بودجە كەم و نارێكە دادەنرێـــت، بەتایبەتی لەهەرێمێكدا كە بـــە بەردەوام گرفتی كورتهێنانی بودجەی هەیەو تا ئێســـتا بودجەی بەگەڕخســـتنی زۆر زیاترە لەبودجەی وەبەرهێنان، ئەمەش بارگرانییەكی زۆری خســـتۆتە ســـەر وەزارەتەكانی حكومەتـــی هەرێـــم، بەتایبەتی لەبواری پێشكەشـــكردنی پرۆژەو كاری خزمەتگوزاریی بۆ قـــەزاو ناحیەو گوندەكان، ئەو شـــوێن و ناوچانەی لەساڵانی هەشـــتاكاندا دووچاری وێرانكاریی گەورە بوونەوەو دانیشتوانەكانی بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێ و شـــارەكان راگوێزران، هەر ئەمەشـــە وایكردووە زیاتر لە **٧٩**٪ی كۆی دانیشـــتوانی هەرێم لەشـــارەكان كۆببنەوە. چڕبوونەوەی رێژەی دانیشـــتووان لەســـەنتەری شـــارەكان و دەوروبەریان؛ حكومەتی هەرێمـــی ناچار كردووە پرۆژەكانی وەبەرهێنانی (گشتی و تایبەتی) زیاتر لەم شوێنانەدا ئەنجام بدات، واتـــا جێبەجێكردنی پرۆژەكان بۆ ئـــەو قەزاو ناحیەو گوندانەی كە پێشـــتر وێرانكرابـــوون و بەتەواوەتی ژێرخانی ئابوورییان تێكدرابـــوو دووبارە بنیاتنانـــەوەی بووە كارێكی زەحمەت و قورس، بەتایبەتی ئـــەو قەزاو ناحیەو گوندانەی لەنەخشەی شارســـتانیەتیدا پەرتەوازەییان پێوەدیارە، بەمەش كەرتی كشتوكاڵ زیانێكی گەورەی بەركەوتووە لە هەرێمێكدا كە خاوەنی ١ملیۆن و نیو هێكتار زەوی ئاودێریكراوە بە ئاوو باران، هەروەها ژینگەیەكی لەباریشی هەیە بۆ بەخێوكردنی ئاژەڵ، هەر ئەمەشـــە وایكردووە پشتبەســـتن بەكشتوكاڵ بۆ بژێـــوی ژیان لە٢٠٠٧ بۆ لە٢٣٪ كەم بكات دوای ئەوەی لە ســـاڵی ٢٠٠٠ ئەم رێژەیە لە ٣٥٪ بوو، بێگومان ئێستاكە لەم رێژەیە زۆر زیاتر كەمی كردووە بەرادەیەك هەندێك توێژینەوەی زانســـتی هێزی كاری هەرێمی لەكەرتی كشتوكاڵ تەنیا لە ٩٪ی داناوە.

لە راپۆرتی ئەم جارەماندا پێداویســـتی و كەلێنەكانی بەردەم گەشەســـەندنی ژێرخانـــی ئابووریی قەزایەكی كوردســـتان وەكو نموونەیـــەك وەردەگرین، ئەویش قەزای مێرگەســـۆرە كە ژمارەی دانیشـــتووانەكەی زیاتر لە **٥٣,٠٠٠** كەســـە و ناحیەكانی (گۆڕەتوو، بارزان، شـــێروان مەزن، پیران، مەزنێ و **٢٦٠** گونـــد) لەخۆدەگرێت. بە یەكێكیـــش لەو قەزایانە دادەنرێت كە لەسەردەمی بەعسدا رووخێنرابوون و ژمارەیەكی بەرچاوی دانیشتووانەكەشـــی ئەنفال كرابوون و ئەوانی تریش بەرەو ئۆردوگا زۆرە ملێیـــەكان راگوازرابوونەوە. حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ســـەرجەم دەڤەری قەزای مێرگەسۆر چەندین پرۆژەی جێبەجێ كردووەو تاڕادەیەكیش ســـەنتەری قەزاكەو ناحیەكان و نزیكەی **١٧٦** گوندی ئاوەدانكردۆتەوە، بەڵام ئـــەم پـــرۆژەو كارانە بەپێی پێویســـت و لەئاســـتی بەرفراوانی سنوورەكەو داخوازیی هاووڵاتیاندا نییە، لەمەشدا هاووڵاتییان و بەرپرســـانی یەكەی ئیداریی ناوچەكە ئاماژە بەچەندین ئاســـتەنگ و هۆكار دەكەن كـــە رێگرە لەبەردەم ئاوەدانكردنـــەوەو پەرەپێدانـــی ئابووریـــی دەڤەرەكەیـــان كە بەرێژەی لە **٣**٪ی دانیشـــتووانی سەرجەم پارێزگای هەولێر لەم ناوچەیە نیشـــتەجێیە، كەچی تا ئێستا خانووەكانیان تاپۆ

**لە ٧٩٪ی كۆی دانیشتوانی هەرێم لەشارەكان و دەوروبەریان كۆبوونەتەوە، ئەمەش حكومەتی هەرێمی ناچار كردووە زیاتر پرۆژەكانی وەبەرهێنانی لەم شوێنانەدا ئەنجام بدات، واتا جێبەجێكردنی پرۆژەكان بۆ ئەو قەزاو ناحیەو گوندانەی كە پێشتر وێرانكرابوون كەمتر بێت**

**ساڵانە لەدەڤەری مێرگەسۆر كارەساتی لافاو رووددات و زیانی گەورە بەر ژێرخانە ئابوورییەكەی بەتایبەتی رێگاوبانەكانی دەكەوێت**

**ئەگەر خێرا مشوری ئەو ئاوەڕۆیانە نەخورێت كە دەرژێنە ناو ئاڤە شینەوە ئەو رووبارە بەتەواوەتی پیس دەبێت و گرفتی تەندروستی لێدەكەوێتەوە**

**ئەشکەوتی شانەدەر بەیەکێک لەناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان دادەنرێت کە بەرووی گەشتیاراندا کراوەتەوە**

**لەبەر نەبوونی رووبەری زەوی پرۆژەی دروستکردنی چەندین یەکەی نیشتەجێبوون لە مێرگەسۆر جێبەجێ نەکراوە**

**خراپیی رێگاوبانەکان وایکردووە لە وەرزی زستاندا بەکەڵکی هاتوچۆ نەیەت**

نییە و ژمارەیەکیش لە هاووڵاتییانی مێرگەسۆر لەچەند لێدوانێکدا بۆ گۆڤاری گوڵان باسیان لە کەموکوڕی هەردوو بواری پەروەردەو تەندروستی کرد، ئەمە جگە لەکەموکوڕیی رێگاوبانی گوندەکان کە لەوەرزی زستاندا بەهۆی بارانبارین و بەفرەوە زۆربەی رێگاوبانەکان دەگیرێن و پرۆژەی ئاوی خواردنەوەکەشیان زیانی بەردەکەوێت، لەلایەکی ترەوە کەمیی زەوی بۆ نیشتەجێبوون و پرۆژەکان وایکردووە زۆربەی فەرمانگەکانی حکومەت بینایەیان نەبێت و لەخانووی کرێدا بن. بۆ وەڵامدانەوەی داواکاریی و خواستی هاووڵاتیان وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان سەردانی قایمقامیەتی مێرگەسۆرمان کردو داواکاریی و رەخنەی هاووڵاتیانمان ئاراستەی بەرپرسی یەکەی ئیداریی قەزاکە کرد، لەم رووەوە خۆشەویی خەلیل قایمقامی قەزای مێرگەسۆر پێیوابوو ناسەقامگیریی ناوچە سنوورییەکان و کەمیی بودجە هۆکارێکن بۆ دواکەوتنی بونیاتنانەوەی ژێرخانە ئابوورییەکەی، ئەمە جگە لەوەی ژێرخانی ئابووریی مێرگەسۆر بەتەواوەتی وێرانکرابوو، رژێمی بەعس هەر بەمەشەوە نەوەستاو کێڵگەیەکی مینی زۆری لەناوچەکەدا دروست کردووە، ئەو بودجەو پارەیەشی بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەیاندن و بەردەوامی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان تەرخانکراوە لەئاست وێرانی و خەبات و قوربانیی خەڵکەکەیدا نییە، بەرادەیەك بودجەی مێرگەسۆر تەنیا بەشی جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی رێگاوبانی وەکو رێگای نێوان سۆران – مێرگەسۆر ناکات، چونکە تێچوونی ١ کیلۆمەتر رێگا لەمێرگەسۆر بەرامبەر تێچوونی ٢٠ کیلۆمەتر رێگایە لەهەولێر. ئەمە لەکاتێکدا سەرجەم سنووری قەزاکەیان شاخاوییەو لەوەرزی زستاندا کەشوهەوایەکی دژواریی هەیە. قایمقامی مێرگەسۆر سەبارەت بە دژواریی کەش و هەوا لەم ناوچەیە لەلێدوانێکی تایبەت بە گوڵان وتی: قەزای مێرگەسۆرساڵانە رێژەیەکی زۆری باران و بەفری لێدەبارێت بەمەش ساڵانە رووبەڕووی لافاو دەبینەوەو زیان بە رێگاوبان و ژێرخانی ئابوورییەکەشی دەکەوێت، ئێستا لە رێگای چەند پردوو پاڵپشتێکەوە رێگا سەرەکیەکانی مێرگەسۆر چاك دەکرێنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لەوەرزی زستان بەهۆی کەمی ئامێری بەفر خاوێنکردنەوەو ئۆتۆمبێلەکانی شارەوانی کێشەی تێکچوون و داخستنی رێگاوبانەکان هەر دەمێنێت.

**نەبوونی زەوی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکان**

کەمی زەوی و جوگرافیای شاخاویی ناوچەکە بۆ ئەنجامدانی پرۆژە و یەکەکانی نیشتەجێبوون بە یەکێك لەو کێشە ئاڵۆز و قورسانە دادەنرێت، کە تێچوون و ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی قورس کردووە، قایمقامی مێرگەسۆر لەم بارەیەوە وتی: نەبوونی زەویی رێگرە لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەی کەمی بینایەی قوتابخانەو نەخۆشخانەو پرۆژەکانی خزمەتگوزاریی و نیشتەجێبوون، هەر لەبەر نەبوونی رووبەرێکی زەوی بوو لەساڵی ٢٠١١ دا پرۆژەیەکی دروستکردنی ٧٢ یەکەی نیشتەجێبوون دروست نەکرا، بڕیاریشە لەبەرنامەی ٢٠١٣دا ٤٨ یەکەی نیشتەجێبوون دروست بکرێت، بەڵام لەبەر نەبوونی زەوی تا ئێستا دەست بەجێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەش نەکراوە، لەلایەکی ترەوە نەبوونی تاپۆی زەوی و خانووەکان وایکردووە لەکاتی قەرەبووکردنەوە یا کوژانەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکان هاووڵاتییان زیانمەند بن. ئێستا فەرمانگەیەکی زۆر هەیە داوای زەوییان کردووە بۆ دروستکردنی بینایەکانیان، بەڵام لەبەر نەبوونی رووبەری زەویی پێویست نەتوانراوە کێشەی قەرەباڵغیی فەرمانگە حکومییەکان چارەسەر بکرێت و ژمارەیەکی زۆری فەرمانگە بێ بینایەی تایبەت بەخۆیانن و هەندێکیان لەبینایەی قایمقام یان کرێدان.

**ئاڤە شین پیسبووە**

لەئاکامی ئەو ئاوەڕۆیانەی لە دیرەلوك و گەڵیڕەوە دەڕژێتە ناو ئاڤە شین گرفتی پیسبوونی ژینگەیی لێکەوتۆتەوە و ئاڤە شینی پیسکردووە، قایمقامی مێرگەسۆر ئەوەی نەشاردەوە گەربێتوو مشوری ئەو ئاوەڕۆیانە نەخورێت ناچار ئاڤە شین بە یەکجاریی پیس دەبێت. لەم رووەوە قایمقامی مێرگەسۆر باسی لەو پرۆژە ئاوەڕۆیانە کرد کە ئەمساڵ دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. لەبەرنامەی ئەمساڵدا رەزامەندی لەسەر جێبەجێکردنی ژمارەیەك پرۆژەی ئاوەڕۆ دراوە بەتایبەتی لە بلێ و گۆڕەتوو مێرگەسۆر.

**پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی مێرگەسۆر**

پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی مێرگەسۆر کە سەنتەری قەزاو ٤ ناحیەو ٧٥ گوند لێی سوودمەندن؛ دەکەوێتە ناو رووباری کانی بەردەری کە ساڵانی رابردوو بەهۆی لافاوەوە زیانێکی گەورەی بەرکەوت، هەربۆیە ئێستا دیوارێکی بەربەستی بۆ دروست کراوە و ئێستا لافاوەکان زیان بەپرۆژەی ئاوی خواردنەوەی مێرگەسۆر ناگەیەنێت، بەڵام قایمقامی مێرگەسۆر دەڵێت لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم چەند پرۆژەیەکی راکێشانی ئاوی خواردنەوە بۆ ٤٢ گوند ئەنجامدرابوو، بەڵام ئێستا پێویستە مشوری ئاوی خواردنەوەی گوندەکانی تریش بخورێت کە تا دێت ژمارەی دانیشتوانەکانی رووی لەزیادبوونە.

**زبڵ و خاشاك و پیسبوونی ژینگە**

سنووری مێرگەسۆر بەپاراستنی کلتووری ژینگە پارێزی ناسراوە تەنانەت راونەکردنی ئاژەڵی کێویش لەم دەڤەرە بۆتە کلتوورێك، بەڵام لەلایەکی ترەوە کێشەیەکی تر رووبەڕووی ناوچەی مێرگەسۆر بووەتەوە ئەویش چارەسەرنەکردنی زبڵ و خاشاکە؛ قایمقامی مێرگەسۆر لەمبارەیەوە وتی: زۆر پێویستیمان بەدامەزرانی کارگەی ریسایکلین هەیە تاوەکو ژینگەی مێرگەسۆر زیاتر بپارێزین، چونکە ئێستا زبڵ و خاشاك فڕێ دەدرێت و لەکاتی بارانبارین دەچێتە ناو زێ و رووبارەکان و پیسیان دەکات و زیانی بۆ لایەنی تەندروستی هەیە، ئەمەش بۆئێمە ناخۆشە لەناوچەیەك کە پاراستنی ژینگە بووەتە کلتوورێك و خەڵکی هەرهەمووی پارێزگاری لەژینگە دەکەن، تەنانەت ژمارەیەکی زۆری ئاژەڵی کێوی و باڵندە بەمێگەڵ و رەو دەبینرێن و بەهەموو شێوەیەك راوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی قەدەغەیە تەنانەت راوەماسیش لەهەندێك وەرز نەبێت ئەویش قەدەغە کراوە.



**خۆشەوی خەلیل**

**قایمقامی قەزای مێرگەسۆر بۆ (گوڵان):**

# ناسەقامگیریی ناوچە سنوورییەکان و کەمیی بودجە هۆکارێکن بۆ دواکەوتنی بونیاتنانەوەی ژێرخانە ئابوورییەکەی

**لەسەر رووباری رێزان بەنداوێکی گەشتیاری دروست دەکرێت**

سنووری قەزای مێرگەسۆر زۆر گونجاوە بۆ پرۆژەکانی گەشتیاریی و خاوەنی چەندین شوێن و شوێنەواریی مێژوویییە، کردنەوەی پرۆژەی ئەشکەوتی شانەدەر بەیەکێك لەو پرۆژە گرنگانە دادەنرێت کە ئێستا خەڵکێکی زۆر سەردانی دەکەن؛ قایمقامی مێرگەسۆر سەبارەت بەپرۆژە گەشتیارییەکان وتی: لەگەڵ کردنەوەی فەرمانگەی گەشتیاریی چەند شوێن و ناوچەیەك بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی گەشتیاریی دەستنیشان کرا، ئێستا لەسەر رووباری زرارەو رێزان کاری گەشتیاریی تێدا دەکرێت بەرنامەشیان هەیە لەداهاتوودا لەم ناوچەیە زیاتر کارو پرۆژەی گەشتیاریی ئەنجام بدەن، تەنانەت داوامانکردووە پرۆژەی ئەشکەوتی شانەدەر پەرەی زیاتری پێ بدرێت.

**ئەمساڵ سلفەی خانووبەرە بەسەر ٨٠ خانەوادەی تری شەهیدانی جینۆساید دابەش دەکرێت**

سەبارەت بەدابەشکردنی زەوی و هاوکاریکردن بۆ دروستکردنی خانوو بۆ خانەوادەی شەهیدانی جینۆساید؛ قایمقامی مێرگەسۆر وتی: لەساڵی ٢٠١٢ زەوی بەسەر هەموو کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دابەشکراوە هاوکات وەکو قۆناغی یەکەمی دابەشکردنی سلفەی خانووبەرە بەسەر خانەوادەی شەهیدانی جینۆسایدیشدا ئەنجامدراوەو ئێستا لەچاوەڕوانی قۆناغی دووەمی دابەشکردنی چەکی سلفەی خانووبەرەین بۆ ٨٠ خانەوادەی شەهیدانی جینۆسایدو ئەنفالکراوەکان.

سەبارەت بەو کارو پرۆژانەی خەڵکی مێرگەسۆر لەداهاتوودا پێویستیانە، قایمقامی مێرگەسۆر وتی: تەرخانکردنی تەنیا ٨-٩ ملیار دینار بودجەی ساڵانە بۆ سنوورێکی وا فراوان گرفتێکی گەورەیە لەبەردەم جێبەجێکردنی کارو پرۆژەو خزمەتگوزاریی لەناوچەیەکی شاخاویی و دژوار کە لەوەرزی زستاندا بەهۆی لافاو و بارانبارین و بەفرەوە زۆر لە رێگاکانی تێکدەچێت، هەربۆیە ئێمە چاوەڕوانین وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە مشووری چاککردن و کاری سیانەی رێگاوبانەکانی ئەم دەڤەرە بخوات، لەلایەکی ترەوە کێشەی خراپی رێگاوبانی گوندەکان پێویستە چارەسەر بکرێت، چونکە تا ئێستا چەندین گوند لەمێرگەسۆر هەیە رێگاوبانەکانیان بەپێی پێویست نییە بەرادەیەك لە ٤٠٪ی رێگاوبانی گوندەکان پێویستیان بەپرۆژەو چاککردنەوە هەیە. هەروەها لەڕووی کارەباشەوە پێویستە وەزارەتی کارەبا چارەسەری خێرای کێشەی نزمی ڤۆڵتیە بکات و وێستگەی ١٣٢ کەیڤی زوو بخاتە کار، هاوکات لەبەر زۆری ژمارەی خوێندکارەکان گرفتی میلاکات و بینایەی قوتابخانەکانیش سەری هەڵداوەو بەدروستکردنی ئەو ٢ بینایەیەش چارەسەری گرفتەکانمان ناکات. هەروەها داواکارم وەزارەتی خوێندنی باڵا لە مێرگەسۆر هەوڵی کردنەوەی پەیمانگا یا چەند بەشێکی کۆلێژی بنیات بدات تاوەکو لەڕووی ئامادەکردنی میلاکاتەوە لەداوڕۆژدا گرفتمان نەبێت و چیتر کچانی ئەم دەڤەرە لەخوێندن دانەبڕێن.